# (گەڕەکی داهۆڵەکان)

## فیلمێک ستافەکەی لە ٩٩٪ خەڵکی باشوری کوردستانن، تەنانەت مۆنتاژو دەنگیش لێرە ئەنجام دەدرێت..!

چاوپێکەوتن: کەریمۆک

مەغریبێکی درەنگ کەخۆمان کرد بەبەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای هەولێر، حەسەن عەلی دەرهێنەر بەرووخسارێکی پڕ لەماندووبون و نیگەرانی لەسەر تاکێک قەنەفە راکشا بوو، دیار بوو پشوویاندا بوو چاوەرێی ئێمەیان دەکرد. هەمیشە دەرهێنەران لەکاتی مۆنتاژکردنی فیلمەکانیان بەبیرکردنەوەی زۆر سەرقاڵن، لەلایێ خەمی سەرکەوتنی فیلمەکەی و لەلایەکیدی تەواوکردنی کارەکان و چۆنیەتی بەشدارپێکردنی لەفێستیڤاڵەکان.

لەو لاوە (محەمەد جانۆ)ی وێنەگر دەرکەوت، کە هەر لەو رۆژەی کەمن ناسیومە تائەمڕۆ گیانێکی پڕ بزۆزو چالاکی هەیە، هەر ئەوەشە وایکرد ئەمڕۆ وەک وێنەگرێکی پرۆفیشنال بناسرێت، ئەگەرچی ئەو دوو ساڵ لەکۆریا کامێرای خوێندوەو لەوبوارەدا بڕوانامەی بەدەستهێناوە، بەڵام دڵسۆزی و نەرمنوێنی و بێفیزی هێندەیتر لەدڵی دەرهێنەراندا شوێنی خۆی کردۆتەوە. هەروەها (رەجەب ئەحمەد)ی مۆنتێر لەسەر کورسیەکی تاک دانیشت بوو، لەنیگاکردنیدا ئاسۆیەکی روون بەدی دەکرا.

بەراستی مایەی دڵخۆشییە کەئەو سێ هونەرمەندەم بینی لەکەشێکی جدی و ئارامدا سەرقاڵی مۆنتاژکردنی فیلمی (گەڕەکی داهۆڵەکان) بوون.





**لە هەموو دونیادا دوو شێوازی سینەما هەیە، سینەمایەک هەیە بۆ هەموو خەڵک، سینەمایەکیش هەیە ئارتە و بۆ نوخبەیە**

دوای گۆڕینەوەی هەندێ راو و سەرنج لەسەر سینەما بەگشتی، پرسیم، دوای چەند ساڵ کارکردن لەبواری سینەماو دروستکردنی چەندین کورتەفیلم، ئێستا کەیەکەم فیلمی درێژی خۆت دروست دەکەی چ هەستێکت هەیە. (حەسەن عەلی) دەرهێنەر بەو پەڕی راشکاویەوە گوتی: (هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم کەدەبمە خاوەنی فیلمێکی درێژ، ئەمەش دەرەنجامی هەوڵ و ئەزمونی چەندین ساڵەمە لەبواری سینەماو لەو فیلمەدا بەو پەڕی تواناوە کارم کردووە).

سەبارەت بەوەی زۆربەی دەرهێنەران لەکورتە فیلمەوە دەڕۆن بۆ دروستکردنی فیلمی درێژ، ئێوەش هەروەها، دەپرسین پێتانوایە کورتەفیلم وەک پرۆڤەیەک وابێت بۆ دروستکردنی فیلمی درێژ..؟ حەسەن گوتی: (بێگومان کورتەفیلم ئەزمونێکی باشە بۆ زیادکردنی زانیاری و خۆئامادەکردن بۆ کاری باشتر، بەڵام لەکۆتایدا کورتەفیلمش بەرهەمێکی هونەریە، ئەگەرچی بۆجەی کورتە فیلم سنووردارەو هەندێ جار دەرهێنەر دەتوانێ لەسەر توانای خۆی دروستی بکات. بۆ دروستکردنی فیلمی درێژ قۆناغی سیناریۆنووسین زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر سیناریۆکە تەواو ئامادەو تۆکمە بێت، لەکاتی کارکردندا وێنەگرتن بێ گرفت دەچێتە پێشەوە. سیناریۆی باش دەرهێنەر باڵادەست دەکات بەسەر کارەکەدا،



بەڵام ئەگەر سیناریۆکە ئاڵۆزی تێدا بوو، بێگومان گرفت دروست دەکات لەکاتی وێنەگرتندا.

لەهەر فیلمێکی سینەمایی چەندین گرفت لەکاتی کارکردن دێنە پێشەوە، سەبارەت بەو گرفتانەی لەگەڕەکی داهۆڵەکان هاتەپێشەوە، دەرهێنەر گوتی: (لەو فیلمەی ئێمە گرفتی هەرە سەرەکی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ باڵندە. چونکە راهێنان و ئامادەکاریی زۆری دەویست، سەرەتا چوار مانگ بەر لەوەی دەست بەوێنەگرتن بکەین، دەبوو ئەو باڵندانە دابین بکەین، ئەوە بوو بەیارمەتی چەند راوچییەک دابینکراو شوێنیان بۆ ئامادەکرا، دواتر راهێنەرمان هێنا تاڕایان بێنێت، بۆ ئەوەی بتوانین لەکاتی وێنەگرتن نواندنیان لێ وەرگرین. بەراستی ئەگەر ئەو باڵندانە ئامادەنەکرابان ئەوە ئەو فیلمە رووناکی نەدەبینی).

بێگومان گەڕەکی داهۆڵەکان، چیرۆکی نووسەری دیار (شێرزاد حەسەن)ە، دونیاو فەزای چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە تارادەیەکی باش بەخوێنەری کورد ئاشنایە، لەبرای دەرهێنەرمان پرسی، چۆن بڕیاری کارکردنتدا لەدەقێکی ئاوا..؟ حەسەن: (بەراستی دەقێکی وردەو نووسەر زۆر بەوریایی لایەنە ئینسانیەکانی دەست نیشان کردووە، هەروەها بینای کارەکتەرو رووداوەکانی باش کردووە، من کەسەیرم کرد شێوازێکی زۆر دراماتیکی سینەمایی هەیە، واتە وێنەی رووداوەکان دەتوانرێ ببینرێت، هەروەها ئەو شێوازە فانتازییەی لەناو چیرۆکەکەدا هەیە کەلەواقیعەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لەسینەمادا بەواقیعی تەعبیری ناسراوە).

سەبارەت بەوەی ئایا گواستنەوەی ئەو فانتازیایانەی لەچیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن) دایە بۆ سینەما سەخت نییە..؟ دەرهێنەر گوتی: (پێموایە لەسینەمادا هیچ شتێک سەخت بێت، ئەورۆ دەبینین لەدونیا هەر شتێک کەبەخەیاڵی هەر نووسەرێک دادێت دەتوانرێ بکرێتە فیلم. جا چ بەشێوازی کۆمپیوتەری بێت یان بەهەر شێوازێکی دیکە. پێموا نەبوو ئەوەی لەسیناریۆکەی کاک شێرزادا هەیە نەتوانرێ بکرێتە وێنە. من زۆر حەزم بەو شێوازی گێڕانەوەی ناو چیرۆکەکەی شێرزاد حەسەن دەکرد، هەروەها ئەو زمانەی کەنووسەر چیرۆک و رووداوی پێدەگێڕێتەوە، من هەستم کرد دەتوانم بەوێنە ئەو گێڕانەوانە بکەم. من سەرەتا دەمویست

**زیاتر لە دووهەزار باڵندە لەفیلمی (گەڕەکی داهۆڵەکان)دا رۆڵ دەگێڕن**





دەقاودەق لەســەر چیرۆکــی گەڕەکی داهۆڵەکان ئیــش بکەم و هەموو فیلمەکە لەسەر ئەو هێڵە درامیە بڕوات کەلەچیرۆکەکەدا هەیە، بەڵام کاک شــێرزاد بۆچوونی وابوو ناکرێت تەنها لەسەر ئەو چیرۆکە ئیش بکەین، بۆیە ئەو گوتی پێمخۆشــە جارێکیتر بەچیرۆکەکــەدا بچمەوە، ئەوەبوو چیرۆکەکــەی فراوان کردو چەند هێڵێکی تری بۆ زیاد کرد، هەرخۆشــی سیناریۆکەی نووسی).

ئێســتا کەفیلمەکە لەقۆناغــی (post-production)دایە، پێتوایە توانیوتە پەیامەکانی نووسەر لەدووتوێی فیلمێکدا بگەیەنی..؟ لەو بەرەوە دەرهێنەر درێژەی بەقســەکانیداو گوتی: (ئێســتا کەفیلمەکە لەقۆناغی (ruff cut)ە، چەند جارێک کاک شــێرزاد سەردانی کردووین، زۆر دڵی بەوە خۆش بووە، تێبینیو سەرنجیشــی هەبووە، بەڵام بەگشتی هەست دەکرێت کەئەو بیرۆکانەی لەسیناریۆکەدا هەبووە بەباشی گواستراونەتەوە، ئەگەرچی سەبارەت بەفیلمەکە حەز دەکەم پرسیار لەخودی خۆی بکرێتن بۆ ئەوەی بزانرێ تا چەند لەو کارە رازییە).

***بۆچی دەرهێنەری ئێمە کەفیلمێک دروست دەکات یەکەمجار بیردەکاتەوە لە فێستیڤاڵەکانی دەرەوە بەشداری پێبکات؟**

- حەسەن عەلی: (لە هەموو دونیا دوو شێوازی سینەما هەیە، سینەمایەک هەیە بۆ هەموو خەڵک، سینەمایەکیش هەیە ئارتە و بۆ نوخبەیە، کەزیاتر لە فێستیڤاڵەکان و تیڤیە ئارتەکان نیشاندەدرێت، بەڵام زۆرجاریش هەیە فیلــم زۆر ئارتــە کەچی خەڵکیش حەزی پێدەکات. ئێمە لەکوردســتان ســینەمای جەماوەریمان نییە، هەروەها هۆڵمان نییە بۆ نیشاندان. بۆیە پەنا بۆ فێســتیڤاڵەکان دەبەین تا خۆمان بســەلمێنین.



بەیارمەتی چەند راوچییەک توانرا باڵندەکان دابینکرێن، دواتر راهێنەرمان هێنا تاڕایان بهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانین لەکاتی وێنەگرتن نواندنیان لێ وەرگرین

ئەگەر هۆڵی ســینەمامان هەبێت دەقێــک هەڵدەبژێرم کەخەڵک حەزی پێبکات، چونکە فیلم نیشــاندان تەنها لەهۆڵ دەتوانرێ هەست بەچێژی بینینی بکرێت، نەک تیڤیەکان).

***پێتانوانییــە هونەرمەند تا لەدەرەوە دروســت نەبێــت و دەنگ پەیدا نەکات، لەناوەوە گوێی لێ ناگیرێت؟**

- حەسەن عەلی: (ئەوە زۆر جوانە.. ئێمە دیسان هۆڵی نمایشی نوخبەمان نییە، لەکوردســتان هۆڵی تایبەت نییەو بینەری نوخبەی سینەما نییە، هەروەها رەخنەگری ســینەمایی نییە. ئەگەر ئەو شــتانە هەبوایە رەنگە سینەماکار بیتوانیبا خۆی بسەلمێنێ، خەڵکێکی زۆرمان هەیە فیلم دەبینێ، بەڵام بەردەوام نییە، رەنگە نووسەر هەبێت زۆر رۆشنبیر بێت و خاوەنی











چەندین بەرهەم بێت، بەڵام ڕەنگە لەتەواوی ژیانیدا دوو فیلمی ئارتی نەبینیبێ..!

***گەڕەکی داهۆڵەکان و بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن، لای خوێنەری کورد ناسراون، پێتوایە ئەو فیلمەی تۆ هەمان دەنگدانەوەی دەبێت؟**

-حەسەن عەلی: هەر خوێنەرێک کەبەرهەمێک دەخوێنێتەوە، وێنەیەک لەزهنی خۆی دروست دەکات، کەئەمە ڕەنگە سیفەتی چیرۆک بێت، بەڵام ڕەنگە هەر ئەو خوێنەرە ئەو بەرهەمە بە فیلم ببینێ بەر شتێکیتر بکەوێت. بۆیە پێویستە خوێنەر کەفیلمێک دەبینێ خۆی خالی کاتەوە لەوەی خوێندیتیەوە. سەبارەت بەپرسیارەکەش، من پێموایە بینەری کورد کەفیلمەکە دەبینێ شتێکی جیاوازتر دەبینێ.





# بۆیەکەمین جار لە کوردستان بڕوانامەی بکالۆریۆس لەبواری سینەما وەردەگیرێت

بەدواداچوون: جوانیار کەمال

**بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠٠٥، بەهەوڵ و ماندووبوونێکی بێشوماری دکتۆر (سەلمان فائق) کرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا خاوەن شوێنێکی تایبەت بەخۆی نییەو لەبەشی سەرەوەی قوتابخانەیەکی بنەڕەتی وانە دەخوێنن. بەڵام هەر لەگەڵ کردنەوەی بەشی سینەما ژمارەیەکی زۆر لەئامێر و پێداوسیتیەکانی سینەما بۆ ئەم بەشە لەلایەن حکومەتی هەرێم دابینکرا، بەمەش بەشی ناوبراو لەرووی تەکنیکەوە بێ گرفت بوو.**

لەیەکەم ساڵی خوێندندا بڕیار وابوو خوێندکار بۆ هەر دوو بەشی (نواندن و دەرهێنان) وەربگیرێ. بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە (٨٠) کەس فۆرمی تاقیکردنەوەیان وەرگرت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژان بەشداری تاقیکردنەوەیان کرد، تا لەکۆتایدا تەنها بەشی دەرهێنان کرایەوەو ٩ قوتابی وەرگیران، ئەمانیش (نەوزاد عەلی، کەریم غەغور، جوانە سەعید، عەدنان عوسمان، ئاراس سلێمان، دیانا سلێمان، سەفین سلێمان، هاجەر محەمەد) بوون، کەئەمساڵ هەر ئەم نۆ کەسە بۆ یەکەم جار و لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بکالۆریۆسیان لەبواری دەرهێنانی سینەمایدا پێبەخشرا.

دەرچوونی ئەم پۆلە خوێندکارە ناشێ هەروا بەئاسانی سەیری بکەین، چونکە وەک دەزانین هونەری سینەما ئەمڕۆ گرنگیەکی زۆری هەیەو دەوڵەتان وەک چەکێکی گرنگ سەیری دەکەن و لەنێو کارنامەی حکومەتاندا حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت.

ئێمە لێرەدا بەمەبستی تێگەیشتن لە بەشی سینەما و ڕۆڵی ئەوانەی کەئەمساڵ دەرچوون، چەند دەرچوویەکمان دواند سەرەتا کەریم غەفور (کەریمۆک) یەکێک لەو قوتابیانەیە کە ئەمساڵ بکالۆریۆسی پێ بەخشرا لەو بارەیەوە گوتی: (بێگومان دەرچوونی کۆمەڵێک فێرخواز لەبوارێکی گرنگی وەک سینەما جێی بایەخە، بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستان بایەخی سینەما نەزانراوە و تێگەیشتنێکی ڕۆشن نیە لەلایەن حکومەتەوە بۆ سینەما، ئەفسوس حکومەت تائێستا لەگرنگ و پەیامی ئەو هونەرە نەگەیشتووەو بەرنامەیەکی دیاریکراوی نییە بۆی، زیاتر میزاج و

**عەدنان عوسمان: بەداخەوە لەکوردستان بنەما و پرەنسیپەکانی سینەمایەکی ڕاستەقینە و زانستی زۆر بە لاوازی دەبینرێت**

پەیوەندیەکان باڵیان کێشاوە بەسەر کارەکاندا، چ جای بەرنامە بۆ ئێمە هەبێت کەئێستا بڕوانامە لەو بوارە وەردەگرین، ئێمە گەشبین نین بەو رەوشـــەی ئێستا کەبورای سینەما پێیدا دەگوزەرێت، ئەگەرچی هەندێ کاری باشـــیش کراوە، بەڵام دیسانەوە جێگەی ئومێد نییە، چونکە بێ پلان و بەرنامەڕێژی بووە، بـــێ پلانیش تۆ هەرچی بکەی ئایندەیەکی باشـــی نابێت. سینەما کاتێک دەکەوێتە ســـەر رێچکە راستەقینەکەی خۆی کە بە سیستم کار بکرێت و پسپۆڕی رۆڵ بگێڕێت).

هەر بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی هەمان بۆچوون و لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەرچوونی ئێوە چ کاریگەریەک لەســـەر رەوشـــی خراپی ســـینەما لە کوردستان دروســـت دەکات، (عەدنان عوسمان) یەکێکیتر لەوانەی کـــە بڕوانامەی بکالۆریۆس وەردەگرن گوتی: (بارودۆخی ســـینەما لە کوردســـتان بەگشـــتی لە ئاســـتێکی لاواز و هەژار دایـــە هەموو رووە تەکنیکـــی و هونەری و دارایـــی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان گەواهی دەری ئەوەن، تاوەکو ئێســـتاکە هیچ پێوەرێک نییە بۆ دروست کردنی فیلم و هەڵبژاردنی دەرهێنەر، هەروەها سیستەمێکی لە بار بۆ رێکخستن و فرۆشتن و دابەشـــکردنی فیلمەکان لەئارادانییە. لەلایەکی تر کادر و کەسی لێهاتوو لە بوارە تایبەتیەکاندا ژمارەیان زۆر زۆر کەمە، نەبوونی هۆڵیش گرفتێکی گەورەترە، واتە بنەما و پرەنسیبەکانی سینەمایەکی راســـتەقینە و زانســـتی زۆر بە لاوازی دەبینرێت، ئەو چەند ســـاڵەی دواییش بەهۆی خـــۆ خزاندنی هەندێک کەســـی ناتایبەتمەند لەبواری سینەما رەوشـــەکە ئاڵۆزتر بووە، چارەســـەرکردنی ئەو هەموو گرفت و ســـەرلەنوێ دروســـت کردنەوەیە کاری شـــەو و رۆژێک نییە. بەڵکو پرۆگرامی درێژخایەنی دەوێت و پێویستە هەموو کارەکان سیستەماتیک بکرێت).

**نازەنین سالح: توانراوە ئەو هێڵە شانۆییەی لەکاری سینەماییدا بەتایبەت لەنواندندا بوونی هەیە، بەتەواوی تێک بشکێنرێت**

هەروەها لەبـــارەی دەرچوونی ئەم پۆلە خوێندکارە وەک یەکەمین گروپ لەمێژووی سینەمای کوردستان ناوبراو گوتی: (دەرچونی یەکەم وەجبەی بەشـــی ســـینەما لە هەرێمی کوردستان بەو بێ پشـــتگیرییەی کەهەیە رەنگـــە نەتوانێ ئەو گۆرانکاریە نەوعیە ئەنجـــام بدات. بەڵام من دڵنیام ئەگەر دەســـەڵات گوێمان بۆ راگرێ و راو بۆچونە زانستیەکانمان بەهەند وەربگیرێ و پشـــتگیری ماددی و مەعنەویمان هەبێت یان کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنان بێتە پێشەوە دەتوانین لە ئایندەیەکی نزیک جێپەنجەمان دیار بێت و کۆمەڵێک کاری هونەری بەنرخ ئەنجام بدەین).

ســـەبارەت بەوەی ئایا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری یان هەر دەزگایەکی پەیوەســـت بەســـینەما هیچ بەرنامەیـــەک هەیە بۆ ئـــەو خوێندکارانەی دەردەچن تا ئەزمونی چوار ســـاڵەی خوێنـــدن تاقی بکەنەوە، (عەدنان شـــەریف) یەکێکیتـــر لە قوتابیە دەرچووانە بەم جـــۆرە بۆچوونی خۆی دەربڕی: (تا ئەو ســـاتەی ئیســـتا هیچ شتێک نییە بۆ کۆکردنەوەی ئەو قوتابیانەی کە ئەم ســـاڵ کۆلێژ تەواو دەکـــەن و دەبنە یەکەم وەجبەی دەرچوون لە بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرەجوانەکان. ئێمە چاوەڕوانی ئـــەوە دەکەین کە بەرپرســـانی حکومەت و وزارەتی رۆشـــنبیری گرنگی بـــەو قوتابیانە بـــدەن، چونکە ئەمانـــە دەبنە پێشـــەنگی دەرهێنەرانی کوردستان کە بە شێوازێکی ئەکادیمیانە چوار ساڵ لەبارەی دەرهێنانەوە خوێندویـــان، بۆیە دەتوانن کارەکانیان بەشـــێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجام بدەن. جا بۆ ئەوەی ئەم قوتابیە دەرهێنەرانە شوێن پەنجەیان دیار بێت بەسەر سینەمای کوردی پێویستە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتیەکانی ســـینەما دەرفەتی کارکردنمان بۆ بڕەخسێنن تاکو توانای خۆمـــان دەربخەین و بەکاری جوان خزمەتی ســـینەمای کوردی بکەینو بەرەو پێش بەرین. ئەمەش بەکردنەوەی ئامێزی حکومەت دەبێت، کردنەوەی ئامێزیش مانای دابینکردنی بۆجەو پێداویستیەکانی فیلمسازی بۆمان، جگـــە لەوە هەر کارێکیتر بۆ ئێمە بەفیرۆدانی وزەو توانای چوار



## کەریمۆک: داهێنان سنورەکانی بڕوانامەو زانکۆ و تیۆر و میۆر و هەر پێوەر و پێوانەیەک دەبڕێت




ساڵی خوێندنمانە).

بەشێک لەو خوێندکارانەی کەئێستا دەردەچن بەر لەوەی لەبەشی سینەما وەربگیرێن لەبوارەکەدا چالاک بوون، ئایا چوار ساڵی خوێندن گەشە بەو چالاکییە دەدات یان سستی دەکات، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە (کەریمۆک) گوتی: (بێگومان هێندە قاڵبوونەوەو وەستان لەسەر تیۆرەکان هەندێ جار تووشی بەدگومانی و ترسێکی گەورەت دەکات، ئێمە ئێستا لەحاڵەتی ترسێکی گەورەدا دەژین جا یان ئەو ترسە دەبێتە فاکتەری داهێنان و فیلمی جوان دروست دەکەین، یان ئەو ترسە دەبێتە مۆتەکەو لەپەلوپۆمان دەخات، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کەئێمە لەهەموو ساڵی خوێندنماندا بەپراکتیکی کارمان کردووە. بەش بەحاڵی خۆم ترسم هەیە بەڵام دڵنیام هەر هەتا بڕیار دەدەم و ئەکشن دەکەم تەمی ئەو ترسە دەڕەوێتەوە).

هەر سەبارەت بەوەی ئایا دوای دەرچوون پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە چۆن دەبێت کەلەبوارەکەدا ئامادەیان هەیەو بێ بڕوانامەن بەڵام کار دەکەن. (کەریمۆک) گوتی: ئەو هونەرمەندانە دوو جۆرن هەندێکیان تۆوی رقێک لەناخیان چەکەرەی کردووە، کەئومێد دەکەم ئەو رقە سەوز نەبێت، ئەمەش زیاتر هەست کردنە بەکەمی، ئەوان نیگەرانن لەوەی بواریان بۆ نەرەخسا بخوێنن، جا دێن بەدژایەتی ئێمە دەری دەبڕن، لەجیاتی هەوڵبدەن بەیەکەوە کار بکەین لەیەکتر فێر بین. بەڵام لەگەڵ بەشێکیتر پەیوەندیمان زۆر باشەو دڵنیام نەئەوان و نەئێمەش هەست بەجیاوازی ناکەین، بۆیە دەشێ لەئایندەدا بەیەکەوە کار بکەین، خۆ ئێمە بۆ ئەوە نەمانخوێندووە تا نەتوانین لەگەڵ کەس کار بکەین، راستە ئێمە فێری کارکردنی ئەکادیمی بووین، با ئەو فێربوونەی ئێمە بگوازرێتەوە ناو کایەی سینەمای کوردی، بەڵام بڕواتان هەبێت داهێنان سنورەکانی بڕوانامەو زانکۆ و تیۆر و میۆر و هەر پێوەرو پێوانەیەک دەبڕێت، هونەرمەندێک داهێنان لەرۆحیەوە بێت نەبواری رق و قینەی هەیە نە بواری قسەی لابەلا).

(عەدنان عوسمان) لەبارەی کاریگەری زانکۆ بۆ دروستکردنی کادری پسپۆڕ درێژە بەبۆچوونەکانی دەداو دەڵێ: (بۆئەوەی مرۆڤ شارەزایی لە هەر بوارێکی ژیاندا پەیدا بکات پێویستی بە خۆ رۆشنبیرکردن هەیە، خۆئەگەر وانە و بابەتەکانیش لە مامۆستاو پسپۆڕی شارەزا وەربگرێ و تاوتوێی بکات ئەوا رەنگە زیاتر سودمەند بێت لەوەی بەناشارەزایی و هەرەمەکی بچینە دونیایەکی گەورە و فراوانی وەک سینەما، هیچ پەیمانگا و کۆلێژێکی هونەری کارگەیەک نییە بۆ دروستکردنی هونەرمەند ئەگەر ئەو کەسانە حەز و خولیاو دڵسۆزی و خۆشەویستی یان نەبێت. خوێندنگا سینەماییەکان رێگە زانستی و شیاو و راستەکانی سینەما دەخەنە بەردەم فێرخواز و بە رۆشنبیری فراوان دەوڵەمەندیان دەکەن کەئەم کردارە رەنگە زەحمەت بێت تەنها بە خوێندنەوە و سەیرکردنی فیلم لە ماڵەوە بێتە بەرهەم بۆیە پەیمانگاو کۆلێژە هونەرییەکان وەک چرایەک رێگا تاریک و شەوە زەنگەکان بۆ فێرخوازان روناک دەکەنەوە پێشمەوایە

# دیمانە و بەدواداچوون





ئێمە لە روناکیدا دەتوانین
هەنگاوە راستەکان هەڵبێنین، بۆ ئێمەی
کورد کە سینەما تازە خەریکە لەناومان گاگۆڵکێ دەکات رێگا زانستیەکان بەرەو ئاسۆی رونمان دەبات، بەڵام نابێ نکۆڵیش لەوە بکرێت کە پەیمانگاو کۆلیژە هونەریەکان لەبەرامبەر ئەو زانستەی پێمان دەبەخشن باجی تەمەنێکی چەند ساڵەی لێمان دەوێ، لەلایەکی تر دەرهێنەری گەورە و فیلمسازی مەزن هەن کە نەبڕوانامەیان هەیە و نە بڕواشیان پێیە بەڵام رۆژگارێک بە جدی و دڵسۆزی هەوڵیان داوە خۆیان رۆشنبیر بکەن و شارەزایی تەواو لە هەموو هونەر و تەکنیکەکانی پەیدا بکەن و خۆیان پێ بگەیەنن.
بۆ ئەم ساڵی خوێندن (١٠) قوتابی لەقۆناغی چوارەمی نواندن دەخوێنن و ساڵی داهاتوو ئەوانیش بڕوانامەی بکالۆریۆس وەردەگرن. (نازەنین سالح) یەکێک لەو قوتابیانە، بەم جۆرە دیدوبۆچوونی خۆی لەسەر خوێندنی بەشی سینەما دەربڕی: (بوونی سینەما زەرورەتێکی جدییە لەهەر شوێنێک بێت بەتایبەت لەناوچەیەکی وەک کوردستان و نەتەوەیەکی وەک کورد بێگومان هەمیشە لە رێگەی هونەرەوە کلتورو شارستانی و معانات و کێشەی نەتەوەکان دەخرێنەروو، کوردیش جیاواز لەهەر نەتەوەیەکی دی مێژووی پڕ لەکارەسات و رووداو و هەرەسی جۆراوجۆرە، بۆیە خستنەرووی هەموو ئەم شتانە تەنها لەرێگەی نوسینەوە ناتوانرێت حەقی تەواوەتی وەرگرێت، بەڵکو ئەبێت لەرێگەی وێنەوە نیشانی جیهان بدرێت، هەروەک چۆن کێشەی هۆلۆکۆست بە چەندەها شێواز لەرێگەی سینەماوە نەوە لەدوای نەوە پێگەیشتوەکانی دنیا ئاشنای دەبن).
هەروەها نازەنین بەمجۆرە لە بایەخ و گرنگی بەشی سینەما دەدوێ: (لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە گرنگییەکی تایبەت بدات بەم بەشەو بەشێوەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دی بەشی سینەما لە کوردستان بەکەمی کادرو مامۆستاو شوێن لەچەند ساڵی پێشوو توانی خزمەتێکی بەرچاو بکات هەروەها توانیویەتی بەپێی میتۆدێکی دارێژراو سودێکی زۆر بە قوتابیانی بگەیەنێت دەلیلی ئەمەش ئەو پۆلە قوتابیەی کە تخرجیان کردووە ئێستا وەک پسپۆڕ هەریەکەیان لەبوارێکی جیاوازدا کاردەکەن و گرنگی خۆیان هەیە، بێگومان لەم ساڵەوە کە پسپۆڕو مامۆستایانی بواری سینەما لەساڵانی پێشووتر زیادی کردوە لەبەشی سینەمادا ئەوا ئومێدێکی گەورەترمان هەیە بەوەی بتوانن کادری پێشکەوتووتر دروست بکەن.. هەروەها ئەگەر باس لە رێگەی نواندن و دەرهێنانی قوتابیانی ئەم بەشە بکەین بێگومان ئەو تەجاوزە هونەرییە دیارە لەچاو ئیشەکانی دەرەوەی ئەکادیمیە چونکە لێرەدا بەرێگەیەکی تەواو ئەکادیمی قوتابی فێری کاری سینەمایی کراوەو لەهەموو رووەکانی (دەرهێنان و نواندن و وێنەو ماکیاژو دیکۆرو دیزاین و مۆزیکی فیلم و. هتد)هەموو بوارەکانی تر، هەروەها توانراوە ئەو هێڵە شانۆییەی لە کاری سینەماییدا بەتایبەت لەنواندندا بوونی هەبوو لە کارە کوردییەکاندا بەتەواوی تێک بشکێنرێت و ئەو شەرم هێڵە سورانەی لەنێو نواندندا هەبوو تارادەیەکی باش تەجاوز بکرێت).
بۆ خوێندنی ئەمساڵ (٢٠٠٩-٢٠١٠) دوای ئەوەی بەڕێز دکتۆر (سەلمان فائق)، وەک سەرۆکی بەش خانەنشین کراو بەڕێز د. فەرهاد پیرباڵ وەک سەرۆکی نوێی بەش دەست نیشانکرا، لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ باشترکردنی بەشەکەو چارەسەرکردنی کێشەکان، یەکێک لەو کێشانەش نەبوونی شوێنێکی شیاوە بەم بەشە. کە ئومێد دەکەین لەئاییندەدا چارەسەر بکرێت.

**عەدنان شەریف: پێویستە حکومەت ئامێزمان بۆ بکاتەوە، کردنەوەی ئامێزیش مانای دابینکردنی بۆجەو پێداویستیەکانی فیلمسازییە**



## ئاسۆ عومەر سوارە:

# رازی نابم مێژوویەکی لەکەدارم هەبێت لەهونەردا

چاوپێکەوتن: کەریم مەلا

**کاتێک ویستمان بۆ ئەم ژمارەی گۆڤاری (فیلم) ئەکتەرێک بدوێنین، بێ سێ و دوو هونەرمەند (ئاسۆ عومەر سوارە) هاتە پێشەوە، لەلایەکیتر بیرمان لەوە کردووە، راگەیاندن لەکوردستان بەزۆری دەرهێنەران دەناسن و پسپۆڕیەکانی تری بواری فیلمسازی لەنێو میدیای کوردی کەمتر تیشکی دەخرێتە سەر.**

بۆ ئەوەی دەروازەیەک بۆ چاوپێکەوتنەکە بکەینەوە، باشتر وایە ئەم چەند زانیاریە لەسەر هونەرمەندی ناوبراو بۆ خوێنەران بخەینەڕوو:

- لە قۆناغی سەرەتایی، لە ساڵی ١٩٧٢ دا تێکەڵی ژیانی هونەری بووە.
- هەندێک لەو مامۆستا شانۆکارانەی وانەیان پێوتۆتەوە، خوالێخۆشبوو (عومەری عەلی ئەمین و تالیب بەرزنجی و عەبدولقادر مستەفا)، وەک خۆی دەڵێ یەکەم دەروازەی هاتنی بۆ دنیای هونەری شانۆ لەلایەن ئەوانەوە بووە.
- یەکەم کاری شانۆی بەناوی (دیوەخانی وەیس) بووە، کە بووە ناسنامەی هونەری هونەرمەند و تێیدا رۆڵی لێبووکێکی بینی.
- لە قۆناغی ئامادەیدا زیاتر تێکەڵی هونەر و ئەدەب بوو، لەوێوە کەسانێکی ئەدیب و شاعیر و رووناکبیری وەک (جەمال غەمبار و د. یاسین کەریم)ی ناسی و ئەمەش خەونی کارکردنی لا زیاتر کرد، هەر لەو سەردەمەشدا بەشداری چەندین کاری دیکەی شانۆیی کردوە، وەک (براکان ١٩٧٣، زەرفی شین١٩٧٦، دایکی فەلەستین١٩٧٦).
- لە ساڵی ١٩٧٩ قۆناغێکی دیکەی هونەری ئەو هونەرمەندە دەستپێدەکات، کەکاری شانۆیی لە ئارەزووە دەگۆڕێت بۆ بەردەوامبوون و خولیاو خەونێکی هەمیشەیی، هەر لەو ساڵەدا بەشداری شانۆگەری (دڵدارانی باران)ی کرد، رۆڵی سوارەی بینی، کە دواتر بووە نازناوی هونەری هونەرمەند.

**لەنواندندا چەند بەرامبەرەکەم راستگۆ بێت، من راستگۆتر دەبم**

لەدوای ئەو قۆناغەشدا هونەرمەند، بەشداریکرد لە چەندین فێستیڤاڵی شانۆیی لە شارەکانی کوردستاندا.

- وەرنەگرتنی هونەرمەند لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ئەو کاتە بەهۆی بیروڕای سیاسیەوە، وایکرد زیاتر سووربێت لەسەر بەردەوامیدان بەکاری هونەری و شانۆیی.
- لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکاندا بەشداری لە چەند کارێکی دیکەی شانۆیی کرد، وەک شانۆگەری (تەنەکە) کە بەڕێز فوئاد مەجید میسری لە رۆمانی تەنەکەی یەشار کەمال ئامادەی کردوو هونەرمەند ئەحمەد سالار کاری دەرهێنانی ئەنجامدا.
- هونەرمەند ساڵانێک لەسوپای عێراقی بەناچاری بووە بەسەرباز و دواتر زیندانی کرا، تا ئازاد بوونی لەساڵی ١٩٨٩دا.
- لەدوای راپەڕین یەکەمین کاری بەشداری شانۆیی (فەرهاد بە دووای جەژندا دەگەڕێت) کرد، کە کارێکی ئاهەنگسازی بوو، لەلایەن هونەرمەند شەماڵ عەبە رەشەوە کاری دەرهێنانی بۆ کرابوو.
- لە قۆناغەکانی دواتر هونەرمەند بەشداری ژمارەیەک دراماو شانۆو کاری هونەری دەکات.

*** سەرەتا دەپرسین، بۆماوەی نۆ ساڵ لەکاری هونەری دابڕایت، ئایا هۆکاری ئەم دابڕانە چی بوو؟**

- دوورکەوتنەوەی من لە نێوەندی هونەری لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ ساڵی ٢٠٠٤ بەهۆی متبوون و سڕبوونی هونەر و هاتنە پێشەوەی بواری راگەیاندن بوو لە کوردستان، کەمنیش لەو سەردەمەدا بەکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنیەوە سەرقاڵبووم، ئیتر لەو سەردەمەدا نەمتوانی کاری هونەری بکەم، بەڵام لە

دووای ئەو ٩ ساڵ دابڕانە توانیم بە پاشخانێکی دیکەی هونەریەوە بێمەوە کۆڕی هونەرو لە چەند بەرهەمێکی دراماو شانۆ بەشداری بکەم.

*** لەنێوان دراماو سینەما شانۆدا، کامیان هەڵدەبژێریت..؟ لەکامیان نزیکتری و کامیان بە قورستر دەزانیت..؟**

– دیارە بە هۆی ئەوەی کە من لە کاری شانۆیی و دراماداا بەشدار بوومە لە هەموو حاڵەتەکان تێدەگەم و نواندن بەلای منەوە یەک شتە، بەڵام جۆری گوزارشتکردن و موخاتەبەکردنەکە جیاوازە، لە شانۆدا کارێکە راستەوخۆ و زیندووە، بەڵام لەکاری سینەماو دراماداا جیاوازەو نواندنە بەرامبەر بە تەکنیک و کامێرا، لەبەر ئەوە جۆرێک لە جیاوازی گواستنەوەی حاڵەتەکان هەیە، پردێک لەنێوانیاندایە کە شانۆ راستەوخۆیە، بەڵام لە دراماو سینەمادا ناڕاستەوخۆیە، پێویستە ئەکتەر هەموو ئەو حاڵەتانە هەزم بکات و زمان و ئەتەکیێت و جووڵەکان و سیماکان جیاوازن و لەیەکتر جیابکرێنەوە، لێرەدا کامێرا بەیارمەتی تەکنیک ئەو حاڵەتانە

**بکوژی سەرەکی ئەکتەر غرورە**



دەردەخات و ئەکتەریش دەبێت بچێتە ناو حاڵەتەکانەوە، لێت ناشارمەوە هەرچەند لەبەرامبەر کامێرادا واقیعیانە کاری نواندن بکەیت، سەرکەوتووتر دەبیت.

***کاتێک کارێک دێتە پێشەوە هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە چۆن ئامادەباشی بۆ کارەکە دەکات و چۆن لەو رۆڵە قووڵدەبێتەوە، چۆن کارەکتەرەکە دەخوێنێتەوە..؟**

– خۆئامادەباشی ئەکتەر بەلای منەوە کۆی گشتی سیناریۆکە یان دەقەکەو چیرۆکەکەیە، کە ئەوە پەیامەکەیە، دوای ئەوە رۆڵەکە و قورسایی لەناو ئەو چیرۆکەدا چیە؟ یان تێڕوانین و درکمان بۆ ئەو رۆڵەو سیناریۆیە چیە؟ ئەگەر ئەوەندە زانیاریمان هەبێت کە ئەو کەسایەتیەی خۆمان بەتەواوی هەڵبسەنگێنین، رەهەندەکانی ئەو کەسایەتیە چییەو تێیبگەین، ئەوکاتە ئەکتەر کێشەی لەگەڵ رۆڵەکەیدا نابێت، سەرەتا لەو کەسایەتیە تێبگەین دووای ئەوە ئینجا لە شێوەی گشتی کارەکەو قورسایی خۆت لەو کارەدا بۆ دەردەکەوێت و دەتوانیت مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵدا بکەیت. هەروەکو لەدوو حاڵەتی جیادا دوو رۆڵی جیاواز دەبینیت.

*** لەکاتی کارکردن لەبەرهەمێک، پەیوەندیەکانی خۆت لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەر و دەرهێنەر و دەوروبەرت چۆن هەڵدەسنگێنیت؟ تاوەکو کوێ لەگەڵیاندا کۆکیت و لەکوێ جیاوازیت؟**

– زۆر بە ڕاشکاویەوە دەڵێم کاتێک سیناریۆی فیلمێک یان هەر کارێکی دیکە بۆ بەشداریکردن دەخوێنمەوە، ئەگەر کارەکە کرچ و کاڵ و لاوازبێت، وتومەو خاڵە لاوازەکانیم دەستنیشانکردووەو پێموتونە ئەوا چاکبکرێت، دەتوانرێت ئیشی لەسەر بکرێت، ئەگەر سیناریستەکە رازی نەبووبێت دەستکاری بکات، من لێی کشاومەتەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی دەزانم ئەگەر ئیشەکە بەوشێوەی ئەوان دەیانوێت نامجولێنێت و هەرچەند خۆم لەگەڵیدا ماندوو بکەم ناتوانم ئەدای بکەم، بەڵام کاتێک سینارستێک چیرۆکێکی جوان دەنووسێت و من دەجولێنێت، ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لە گەردەولوولدا بینیووتە، لەبەر ئەوە کارەکتەرکەم بەدڵەو کۆی گشتی کارەکەش باسی خەباتی میللەتێک دەکات و کارەکەم خۆشدەوێت و ئەگەرکێشەش هەبێت چارەسەردەکرێت و ئەنجامی دەبێت، کاک جەمیلی رۆستەمی لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی کوردستاندا لەبارەی من وتیووی ئاسۆ یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لەسەر کارەکە زۆر گفتوگۆ دەکات.

*** حاڵەتێک هەیە لە ژیانی ئەکتەردا، کاتێک ناتوانیت لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەردا بگونجێیت، یان ئەو ئەکتەرە لە نواندندا زۆر شانۆییەو لەو رۆڵەیدا زۆر موبالەغە دەکات و واقیعیانە رۆڵەکەی بەرجەست ناکات، بەلای تۆوە پێویستە ئەکتەر چۆن بتوانێت واقیعی بێت، بۆ نموونە تۆ لەگەڵ گەزیزە خاندا لەدرامای گەردەلوولدا رووبەرووی حاڵەتێکی لەم جۆرەببیتەوە، یان بەپێچەوانەوە ئەو نەیتوانیبێت لەبەرامبەر تۆدا وەکو پێویست بوبێت، لە حاڵەتی لەم شێوەیەدا هەڵوێستی تۆ چۆن دەبێت؟**

– هەرچەندە تۆ باسی گەزیزە خانت کرد، کە مێژوویەک بەیەکەوە دەمانبەستێتەوەو باوکی مامۆستا (عومەر عەلی ئەمین) رێنیشاندەری

من بووەو گەزیزخانیش لەو ڕۆڵەیدا لەگەڵ من زۆر بەتواناو لێهاتوو بوو، بۆیە من توانیم لەرۆڵی هۆشیاردا سەرکەوتووبم و هەردووکمان بەیەکەوە سەرکەوتوو بین لە درامەکەدا، بەڵام حاڵەتی لەو جۆرە ڕوویداوە کە ئەکتەری بەرامبەرم باش نەبووەو کاتێک هەستم بەحاڵەتی ئەو ئەکتەرە کردووەو من هەر لەدرامای گەردەلوولدا لەگەڵ گەزیزە خاندا بەشێوەیەک کاری نواندنم بۆ کراوەو لەگەڵ ئەکتەری دیکەشدا بەجۆرێکی دیکە، کە ئەوەی کەپێیی دەڵێن شانۆیانە کاردەکات و ئەداکەی لاوازەو کەسێتیەکەی نەدۆزیوەتەوە، بێگومان کار لە نواندنی منیش دەکات، کاتێک ئەکتەرێک لەبەردەم کامێرادا چاک و چۆنیم لەگەڵدا دەکات، پێویستە بەڕاستی پێم بلێت چۆنی و واقیعیانە بێت، کە زللەیەکم لێدەدات، بەڕاستی بێت و درۆم لەگەڵدانەکات، بەڵام بە فرت و فێڵی کامێرابێت، کاردانەوەکەی منیش بە ڕاستگۆیی نابێت، چەند بەرامبەرەکەت ڕاستگۆیانە بێت، منیش ئەوەندە ڕاستگۆیانەتر دەبم.

*** کەواتە تۆ لەگەڵ ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بووی، ئەوەندەش ڕێنمایی یان ڕێنیشاندەری ئەوانی دیکەبووی؟**

– ئەوەندەی بۆم کرابێت توانیومە بەپێی پێویست





خەڵکم ڕۆشنکردۆتەوەو بیریشت نەچێت، ئەوەندە زیاتریش سوودم لەبەرامبەرەکەی خۆم بینیووە.

*** ئایا هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە بۆ کارکردن لەفیلمێک چی بەلاوە گرنگە. (سیناریۆکە، یان دەرهێنەرەکە، یان بڕی پاداشتەکە، یان شتێکی دیکە؟**

– بەلای من دەقەکە یان سیناریۆکە زۆر گرنگە چونکە پەیامەکەیە، هەر چەند دەقەکە جوان بێت دەتوانێت لەبەرامبەر هەندێک مەسەلە بێدەنگی بنوێنێت و بڵێیت میللەتەکەی ئێمە توانای تەکنکیکی هەرئەوەندەیە، بەڵام ئەگەر تەکنیکی زۆر بەهێزیش لە دەرەوە بێنیت، ئەگەر دەقەکەکە لاواز بێت چیدەکرێت، بۆیە بەلای منەوە سیناریۆ یان دەقەکە زۆر گرنگی هەیە، بۆیە گفتوگۆی تەواوی لەسەر دەکەم لەبەر ئەوەی ئەو کارە دەبێت بەبەشێک لەمێژووی ژیانی هونەری من، بۆیە منیش ڕازی نابم مێژوویەکی لەکەدارم هەبێت لەهونەردا، چونکە قسەیەک هەیە کە هونەرمەند کارەکانی وەک منداڵەکانی خۆی سەیر دەکات، بۆیە منیش حەزدەکەم منداڵەکانم لەمنداڵی هەموو کەسێک جوانتربێت، هەرکاتێک بینەر ڕەخنەی لەسەر بچووکترین خاڵی کارەکانم هەبێت، خەمی لێدەخۆم و دەڵێم خۆزگە ئەو کارەش تەواو بەدڵی بینەر بوایە.

*** حاڵەتێکی زۆر گرنگ هەیە لەنواندندا کەپێیی دەڵێن نواندنی پرۆفیشناڵ یان دروست، بەشێوەیەکی ئەکادیمی تاچەند هەستت بەوەکردووە نواندنی تۆ پرۆفیشنیالانە بووە؟**

– کاتێک هونەرمەند پاشخانێکی گەورەو زۆر باشی (ئەدەبی و هونەری) هەبێت، لەلای من ئەو دوو حاڵەتە ئاوێتە دەبێت بەوەی کە هونەرمەند، دروست و پرۆفیشینالانە کار بکات و ئەگەر زیاتریش بۆ مەسەلەکە بڕۆین بەشەکانی تری غەیری نواندن دەگرێتەوە لەناو کاری هونەریداو نواندندا، بۆ خۆی کرداری نواندن کردارێکی خۆڕسکە و لە هەموو کەسێکدا هەیەو گرنگ دۆزینەوەی ئەو بەهرەیەیە ئەگەریش بەپێچەوانەوە خۆت نەتوانیت ئەو بەهرەیە بدۆزیتەوە هەرگیز ناتوانیت ببیت بە ئەکتەر و هیچ دەرهێنەرێکیش ناتوانێت تۆ دروست بکات، لەوانەیە هەندێک ئەکتەر هەیە تەنیا بۆ کارێک بشێت و ئیتر لەدوای ئەو کارەوە هیچ کارێکی دیکەی پێنەکرێت، بەڵام بەردەوامبوون پێویستی بە بەهرەیەو ئەو خۆرسک و ئەو هەوێنە هەیە. کە زامنی مانەوەی ئەکتەرە لەکاری بەردەوامبوون.

*** لەو کاتانەی کە لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەر نواندن دەکەی، ئەو جیاوازیە چییە کە تۆ لە ئەکتەری بەرامبەر جیادەکاتەوە.؟**

– من ئەو جیاوازییە لەخۆمدا نابینم، چونکە ئەکتەرەکانی بەرامبەریشم هیچیان لەمن کەمتر نین لەکارەکانیانداو ئەکتەری زۆر باشتر لە پێش خۆم دەبینم، ئەکتەر هەیە کە لەئاییندەدا زۆر هیوام پێیی هەیەو شتی لێوە فێربېم.

*** ئایا هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست بە غرور بوون ناکات..؟ یان وای لێبیت غرور بیگرێت؟**



– ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان تووشی غرور ببم، مانای وایە ڕێک بەپلیکانەکان شۆڕببمەوەو بۆ خۆم بچم لەناو گۆڕێک لێی رابکشێم و ئیتر نەیەمەوە دەرەوە، چونکە بەراستی بکوژی سەرەکی ئەکتەر ئەو غرورەیە کە تۆ باسی لێوە دەکەیت و هیچ کاتێک ڕێگە بە خۆم نادەم لەو پەڕی جوانی کارەکەمدا تووشی غرور ببم، با نمونەیەک بگێڕمەوە کاتێک ڕۆیشتم بۆ یەکەمین پرۆڤەی باخ لەگەڵ ئەو گروپەی کەکارم دەکرد بەر لەمن ئەوان وەرزشی شانۆییان دەکرد، منیش چاکەت و بۆینباخەکەم داکەندو یەکسەر دەستم بە راهێنان کرد لەگەڵیاندا، یەکێک لە ئەکتەرە گەنجەکان پێی وتم من پێشبینی ئەوەم نەدەکرد بەو شێوەیە لەگەڵمان وەرزش بکەیت و دابەزیتە سەر شانۆ، پێمووت بە هەردووکمان ناووترێت ئەکتەر؟

*** ئایا چۆن ئەو بزوتنەوە درامی و سینەماییەی کە لە کوردستان هەیە هەڵدەسەنگێنیت؟ پێتانوایە سینەما و درامای کوردی لەو چەند ساڵە کاری زۆر باشی پێشکەش کردبێت؟**

– دەتوانین بڵێین پشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەو دراماییانەی کە لەپێش ئێمە کراوە بونتە هەوێن و ژێرخانێکی باش بۆ ئەوەی بتوانین لەسەرووی ئەوەوە هەوڵ وتەکانێکیتر بدەین، لێرەدا حەزدەکەم تویکاری شتێکت بۆ بکەم و ئەویش بریتیە لەوەی ئێمە هەوڵمان هەیە بۆ شانۆ بۆ دراما هەولێشمان هەیە بۆ سینەما، مەرجیش نیە یەکێکیان واز لێبێنین بۆ ئەوەی یەکێکیان پێشبخەین و بەکۆی گشتی بزاوتەکە پێویستی بەوە هەیە بەیەکەوە پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت. سینەمای هۆلیۆد کە گرنگی پێدەدرێت ئەوان شانۆشیان هەیە، بەڵام هەموویان بەیەکەوە، لەو بروایەدام درامای تەلەفزیۆنی بۆ ناوخۆ سوودێکی زۆری هەیە، بەڵام لە سنووری داب و نەریتی میللەتەکەی ئێمە تێپەر نەکات، بەڵام ئەگەر هەوڵەکانمان بۆ ناسنامەیەکی هونەری بۆ میللەتی کورد بێت پێویستە هەوڵەکانمان لە سینەما چڕبکەینەوە، کاتێک شەوکەت ئەمین دەچێتە کۆریا یان بەهمەنی قوبادی دەچێتە وڵاتێکی دیکە یان جەمیلی ڕۆستەمی بۆ شوێنێکی دیکە ئەوا سینەمایەو هونەری میللەتی کوردە و کورد بە دنیا دەناسێنێت.

*** وەکو بیستومانە لەچەند کارێکی ریکلامی بەشداریت هەیە، ئایا پێت وایە هونەرمەند بە بەشداریکردنی لە کاری ریکلامدا قورسایی خۆی لەدەست بدات، تاچەند حاڵەتەکە بە لای تۆوە ئیجابیە؟**

– نەخێر لەبەر ئەوەی کاتێکی ئەوەندە ناخایەنێت، کاتێکیش کە بازرگانێک سوود لەو دەرکەوتنەی تۆ دەکات بۆ ریکلام کردن بۆ کاڵایەکی بازرگانی، تۆش بەهەمان شێوە سوود لەو بازرگانە دەکەیت، ئەگەر ئەوا شتێکی نارەواو نائیجابی بێت ئەوا هونەرمەندان و وەرزشکارانی جیهان بەشداری کار ریکلامیان نەدەکرد، هەر چەندە هونەرمەند هەیە لەوانەیە پێویستی بە پارەو سامان نەبێت، بەڵام ئەو دەرکەوتنە بۆ هونەرمەند گرنگە و شارستانیە.

*** لەگەڵ دەرهێنەر (بەکر ڕەشید)دا بەشداریت لە درامای وەسیەتنامەکرد، بەڵام بەشداری درامای ژیلەمۆت نەکرد، بۆچی؟**

من حەزم لە ڕۆڵێک هەبوو، بەڵام ئەو ڕۆڵەیان پێنەدام، لەبەر ئەوە بەشداریم نەکرد، لە درامای وەسیەتنامە داوای ڕۆڵی کەمالم کرد، بەڵام دەرهێنەرەکە ڕۆڵێکی دیکەی بۆ دیاریکرد بووم، بۆیە منیش سووربووم لەسەر ئەو ڕۆڵە، بەڵام خواستی من ئەوەیە ئەگەر ڕۆڵەکە بە دڵی من نەبێت، ناتوانم لە کارەکە سەرکەوتوو بم و بە جوانترین شێوە ئەدای بکەم، کێشەکە لەگەڵ دەرهێنەر نەبووە، بەهەمان شێوە لەدرامای ژیلەمۆ کارەکتەرێک هەبوو زۆر لە ژیانی من نزیک بوو، بۆیە من خۆم بۆ ئامادەکردبوو، بەڵام ئەوڕۆڵەیان پێنەدام، بۆیە منیش بەشداریم نەکرد.

*** لەدەرەوەی کاری نواندن هەوڵت نەداوە لە بوارەکانی دیکەی هونەری بەشداربیت؟**

خوێندنەوەم زۆرەو هەندێک چیرۆکی بڵاوکراوەم هەیەو چەندی تریشم نووسیوەو لە بواری ڕۆژنامەنووسیشدا کارم کردووەو لە ڕۆژنامەکان نووسیومە، جگە لەوەش چەند کارێکی دەرهێنانم هەیەو لە ئایندەش هەوڵم هەیە بۆ سیناریۆنووسین. ئەگەر تەمەن ڕێگەمان پێبدات خولیاو خەونەکانمان بەدیبهێنین هەرچەندە خەونەکانمان تەواو نابێت.



## حوسێن حەسەن:
# ئەگەر ئەز باشترین خەلاتێ دونیایی ب دەست خۆ ڤە بینم نەشیم بێژم باشترین دەرهێنتەرم

بەرەڤان ئەحمەد

دەرهێنەر (حوسێن حەسەن) د هەڤ پەیڤنەکێ دا ل گەل گۆڤاری (فیلم) باسی کار و پێلانێن خوە یێن داهاتی کرن و بالکشاندە سەر هەر دوو فیلمێن خوە یێن درێژ (هەرمان و ئونیرکز پشگەڤێن)، هەروەها تەکزکر ل دهۆکێ سینەمایێ رێکا خوە یا دیتێ.

حوسێن دەست نیشانکر ل دهۆکێ سینەمایێ رێکا خوە یا ڤەکرییێ و لڤینەک یا

هەیی بۆ بەرف پیش ڤە، لدور وێ چەندی کینە دەست پیشخەرییێن ڤێ ریڤەکرنی خۆیاکر ئەو نەشیت بێژیت حوسینە و ناڤا ل سەر خۆ بدەت «ئەگەر نە ئەز بیم دێ ئێکی دێ بیت».

ناڤبری گۆت «ئەز نەشیم ناسناڤا ل سەر خۆ بدەم ژ بەر کۆ ئەڤە نە هەقی منە و ئەز خۆ دبینم وەک زارۆکەک کو حەز دکەت ناڤ گەلەک تشتان دا بیت». و خویاکر وەک هەر کەسەکێ د ژیانی دا ئومیدا وێ ژی ئەوە خەلاتێن مەزن بدەست بینت «ئەڤە هیڤیا هەمی مرۆڤانە د ژیانی دا».





«ئەگەر هات و من باشـــتریین خەلاتێ دونیایێ بدەست خۆ ڤە ئینات دیسان نەشیم بێژم ئەز هەمی مە ژ بەر کۆ سینەما د خالاکی دا نەیا راوەستایی یە، تایبەت ئەڤ سەردەمە رۆژانە فیلم دهێنە چێکرن وەک

## ئونیرگز پشکەڤنین ئێکەمێن فلمێ باشوری کوردستانی یێ خومالی بوو بەشداری فیستەڤالەکا ناف نەتەوەیی کری



چەوا بێژن شەمندەفەرەکا گەلەک ب لەزە و نوکە شولکرنا د فیلمان دا یـــا ب زخمەت کەتی ژ بـــەر کو تو (مخاتەبا) عەقلی مروڤی کیی و تو مخاتەبا دونیایێ هەمی کەی ئەڤە گەلەک حەساسە دڤیت تو بینەرێ ب خۆ ڤە گریدی» .حەسەن هوسا گۆت.

ب بووچوونا حوســـینی سینەماکاران رۆلی خوە دیتە د چیکرنا فیلمان دا ل کوردستانی و بینەرێ فیلمان ژی یێ هەیی بەس جهی نیشاندانی نینە، ئەو وەســـا بینت ئەو بینەری بەرخـــوە دیت فیلمی بیانی بوچی نەیی ئامادە یە بەر خوە دیت یی خوە. ئەگەر هول هەبن دی فیلمنین مە ژی ماددەی بدەست ڤە ئینن».

ئەو ب پیوەســـت د زانینت دەســـت پیکی ســـینەمکار فیلمین خوە ل کوردســـتانی نیشان بدن و بەلاڤ کەن نیرکز مە دەست پیکێ ل ڤیری نیشـــاندا، دبیژیت « دڤێ دەرباری دا گونەها ســـینەمکاران کیمتر ژ یا جهێن بەرپرس».

دەربارەیێ گیربوونا بەرسڤا فیلمێن وێ ژ وەزارەتا رەوشەنییرێ دیارکر فیلمێ هەرمان دوو ســـالان گیر بوو، گۆت ژی « ســـەراحەت ئەز بێژم ئەڤـــە ژی کارتیکرنیـــن ئەرینی ل فیلمی کـــرن وەک بابەت و ماددە و بەشداریا وێ د فیســـتەڤالان دا و ئەگەر زویتر هاتبا چیکرن ئەنجامێن وی دا د جیاواز بن».

«ئەز نزانم ئەگەرییێن گیربوونی چنە، بلا ئەڤ پرسیار ژ وان بیت کرن،

بەس پیوەستە ئیدی ئەو دناڤ خوە دا ببینن کانی ئەڤ مەیدانا فیلمان کی تیدا یە چەوایە و چەوا نینە». حوسین وایێ گۆت.

حوسین حەسەن دیارکر وێ بیروکەیەک ئامادە کریە و چیروکا وێ ژی ل سەر لایەران نڤیساندیە ب ناڤێ «بابی من دهێتەڤە» گۆت ژی ئەو ل سەر هزرەکێ ب تەنێ نە یێ راوەستایێ یە.

دیسان ئاشکرا کر وێ ل بەر زنجێرەکا درامایی بو کەنالی کوردستات دورست کەت کو ژ ٤٠ زنحیران پێک دهێت، پشتر ژی زنحیرا خەمو و خەم بو کەنالی کوردستات چێکر بوو.

ل ١٠/٨ ئەڤ سال فیلمی هەرمان ل فیستەڤالا پوسان ل وەلاتی کوریا بەشی پەنجەرەک بو سینەما ئاسیا بەشدار بوو و ل رۆژتیین ١٠ و ١٤ هات نیشاندان.

فیلمی هەرمان ل پارێزگەها دهوکێ ژ لایی حوسین حەسەن هاتیە دەرهێنەر کرن پشتێ فیلمی ئونیرگز پشکەڤین دووەم فیلمی وێ یێ درێژە.

فیلمی هەرمان باسی چیروکا کەسەکی کەتن هێشتا نە هاتیە سەر دونیایی و ناڤێ وێ هەرمانە ئیدی ئەو چیروکا خوە بێژیت و هەر بینەرەک ژی شیت بو خوە ب رەنگەکی تبگەهیت.

ناڤبری دبێژیت «بو هاریکاریا فیلمێ ئەز دشیم بو دهوکێ و دەربەران بێژم گەلەک هاریکار بوون گەل مە دا».

دەمێ فیلم ئەڤ دیمانە ل گەل حوسین ئەنجام دایی ئەو یێ مشغول بوو چونکە مژیلێ کاروبارییێن خوە بوون بو چوونا کوریا «بەری ل پوسان بیت نیشاندان هەرمان یێ هاتیە داخوازکرن بۆ باکوری ئەفرقیا و وەلایەتێن ئێکگرین ئەمریکا»

ئەڤ نە جارا ئێکێ یە فیلمین ناڤبری بەشداری فیستەڤالێن نیڤ نەتەوەیێ بن، فیلمی ئونیرگز پشگەڤین ل سالا ٢٠٠٦ێ بەشداری فیستەڤالا بەرلین بوو و خەلاتی رێکخراوا لیبورینا گشتی ب دەست ئینات، ژلایی حوسێن و مسعود عارف هاتبوو دەرهێنەرکرن و وەینەگریا محەمەد جانۆ.

ب بوچوو حوسینی ئونیرکز پیشکەڤنین ئێکەمێن فیلمی باشوری کوردستانی یێ خومالی بوو بەشداری فیستەڤالەکا ب ڤێ رەنگی کریێ

ئەز نزانم بوچی وەزارەتا رەوشەنبیری بەرسڤا فلمێن مە گیر کەتن، بلا ئەڤ پرسیار ژ وان بیت کرن









# ديمانه و بەدواداچوون

چونكە وەک ئەو دبێژيت» دەرهێنەر و ئەكتەر و بەرهەم هێنەر هەمی كەسين لی كار دكەن خەلكی كوردستانی بوون و كاری مونتاژی ژی ل كوردستانی هات كرن» بەرێ ڤێ فيلمی ژی فليمن كوردی بەشداری فيستەڤالا كر بوون وەک يێ ژيان يێ جانو رۆژيەيانی لی وەينەگريی وی ئيرانی بوو.

ئونيركز پشكەڤين روناهيی دئيختە سەر سەربورين كوردان و باسێ نەخوەشی و دەردەسرين كوردان دكەتن دشكەستنا ل سالا ١٩٧٥ پشتێ ريكەفتنا جەزائيری یا دناڤبەرا سەدام حوسێن و شاهێ ئيرانی دا هاتی موركرن بو راوەستاندنا خەباتا كوردان، ئونيرگز ژ بەر هەم ئينانا محەمەد محسن و وەينەگريا محەمەد جانو و هەر دوو دەرهينەر حوسين حەسەن و مسعود عارف، ئونيرگز ئێكەمێن فيلمێ وێ يی درێژ بوو.

ب گۆر گوتنين حوسينی سەرەرايی هەمی ئاستەنگان ل هەر چوار رووەرزێن سالێ وان شيا فيلمی ب گەهێن وێ ئاستی لی گۆت «د خەيالا من دا نەبوو، من قەد هزر نە دكر دی خەلاتەكێ ب ڤێ رەنگێ بدەست خوە ڤە ئينم هەر چەندە من باوەريين مەزن هەبوون چونكە د سەر هەمی ئاستەنگ و نەخوەشيان را ب روحەكا گەرم هات چێكرن.

ناڤبری ئەكيد كر كۆ وی هەست ب زحمەتی نە دكر ژ بەر كو «بو من رۆژەكا نوێ بوو كەسەک بيت خوە ل فيلمەكی بكەتن خودان ببيی بزانيت مفايی وی چەندە ژ بەر كو ل ڤيری وەک نيشاندنا فيلمان گەلەک كيمە ئەز دشيم بێژم هەما قەد نينە ئەڤ تشەكی نوی بو بومن»

وەک گەلەک ژ دەرهێنەر و سينەمكاريێن كورد حوسين ژی رولی سينەمايی د ناساندنا دوزا كوردان بو وەلاتێن دەرڤە ب گرنگ دزانيت چونكە ئەو وەسا بينت هەمی كەس شين بچن بەرخۆ بدن فيلمان لی مونكەن نينە هەمی بەرخۆ بدن دەنگوباسان.

**ئەز دخوازم خۆ بو خواندنی و فلمان تەرخان كەم**
**بەس ئيمكانيات رێی نا دن**



د ڤێ دەربارييی دا هەڤالێ حوسينی وەينەگر محەمەد جانو كو ل بەرامبەر وی روينش بوو ژ نيشەكی ڤە هات ناڤ بابەتی دا و گۆت «ئەز دوو سالان ل كوريا باكوری بووم براستی كەسێ ناڤێ دوو سياسين مە نزانی بەس هەميا بەهمەن قوبادی ناس دكر».

ژ بلی چێكرنا فيلمان حوسێن حەسەنی ناڤو دەنگێ خوە هەيە د دورستكرنا كليپان دا و ل سالا ٢٠٠٥ خەلاتی ئێكێ يێ فيستەڤالا ڤيد كليپان ب كليبا لالش یا هونەرمەند حەسەن شەريف بدەست ئينات.

ئەو تەكزكر كۆ دخوازيت تەنی خۆ بو كارێن فيلمان و خواندنی تەرخان كەتن لی نەچارە ژ بەر رەوشا ئابوری كلبيان چی كەتن ژ بەر وەک ئەو بێژيت خودان خێزانە و ئوفيسەک هەيە پيتڤێ ئيجاری بدن كۆ و چەند كەسەک لی كار دكەن.

گۆت ئەو نەشيت نها دەست ژ كليپان «ئينكانات رێی نادن ئەگەر ئەز نەشيم ٥ دەقيقان هزر بكەم ژ پيخەمەت نەبوونا مادەیێ چونكە مالا من ب هيڤيا من ڤەيە تو نەشی هەر ژ لەشی خوە ب خوە بخوەيی ما هەتا گەنگی دێ ژ خۆ ب خۆ خۆيێ».



# ماشاالله‌ی محەمەدی:
# من (ئەنیمیشن)م هەڵبژارد چونکە ئەو بابەتانەو ئەو دنیایەی کەهەیەتی زۆر بەربڵاو بێ سنورە

سازدانی: ژیار

**(ماشـــاالله‌ی محەمەدی) جگە لەوەی شـــێوەکارێکی دەستڕەنگینە، لەهەمانکاتیشدا هونەرمەندی سەرکەوتووی بواری هونەری ئەنیمەیشنەو خاوەنی چەندین کاری سەرکەوتووە لەسەر ئاستی فێستیڤاڵەکانی ناو ئێـــران و وڵاتانی ئەوروپا. یەکێک لەکارەکانی بەناوی (دواین گۆرانی کچە دراوسێکەمان) لەسەر سایتی هۆلیود بەبەردەوامی نمایش دەکرێت وەکو یەکێک لە باشـــترین کارە ئەنیمەیشنەکان. بۆ ئاشنابوونی زیاتر هونەرمەندو خوێنەران ئەم چەند پرســـیارەمان ئاراستەی هونەرمەند کرد:**





*** هۆکاری گواســـتەوەت لـــەکاری هونەری شـــێوەکارییەوە بۆ هونەری ئەنیمەیشن بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– بـــەلای منەوە کاری هونەری نابێت لـــە قاڵبێکدا بمێنیتەوە، هونەرمەند دەبێـــت دەوڵەمەند بێت لـــە توانای کارکردندا بەلای منـــەوە هونەرمەند ئەوە نییە کە کارێکی تایبەت بزانێت، واتا بزانێت وێنە بکێشـــێت، یاخود ئامێرێک بژەنێت، بەلای منەوە داهێنەری و چۆنییەتی کارکردن لەزەمەندا و بیـــروڕای تازە وەرگرتـــن هونەرە، ئێمە زۆر کەســـمان هەیە بە درێژی تەمەنی وێنە دەکێشـــێت، ئەو کەســـە کاری ئەوەیە وەک پیشـــەیەک کە کارێکـــی تایبەت دەزانێت بەڵام کە دەڵێن هونەرمەند دەبێت بیرێکی تیژو داهێنەری هەبێت لەناســـینی خۆی و زەمەن و ئۆرژینال بوونی کارەکەی، بۆیە من بەیەک جۆر کاری هونەری قانع نیم، بیرۆکە هەیە دەبێت بەڕەسم بێت هەیە دەبێت بەمۆســـیقا دەری ببڕێت، من (ئەنیمیشـــن)م هەڵبژارد چونکە ئەو بابەتانەو ئەو دنیایەی کەهەیەتی زۆر بەربڵاو بێ سنورە.

*** بەلای تۆوە ئەنیمەیشن چ مانایەکی هەیە؟**

– ئەنیمیشن بەلای منەوە شیعرە خەیالاوی بوونی ئەو دنیایە زۆر بەلامەوە پڕ لە ڕاز و دۆزینەوەی شتی تازەیە.

*** قۆناغەکانـــی کارکردنـــت لەبـــواری ئەنیمەشـــن چۆن دەستنیشـــان دەکەیت؟**

– من هیشـــتا لە سەرە تادام، من کە دەستمکرد بەکارکردن بەبێ ئەوەی کە مامۆستام هەبێت، هێشتا لەسەرەتای ڕێگادام و کاری زۆرم هەیە.

*** یەکەمین کاری (ئەنیمەشن)ت لەسەر ئاستی ئێران و دەرەوەدا قبوڵکرا**

**چی بوو، هەروەها ئەو ئەزموونە بۆ خۆت چی گەیاند؟**

– یەکەم کارم ناوی (رەنج)ە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا سەرقاڵی بووم، یەکەمینجار کارەکەم تەواوکرد، بەڵام بەدڵم نەبوو، بۆ جاری دووەم باشتر بوو، کە بۆ چەند فێستیڤاڵێکم نارد حەزیان لێکرد لەفێستیڤاڵی ١٠٠ چرکەیی ئێراندا بووە یەکەم، لە فێستیڤاڵێک لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیاش بەشدار بوو، بەڵام زۆر لێی رازی نەبووم، لەم ماوەیەدا کاری دووهەمم تەواو کرد، بابەتەکە شەهید بوو، ئەو کارەش لەچەند فێستیڤاڵێکدا بەشدار بوو، کارەکانم نیشانی دەرهێنەری بەناوبانگی ئێرانی (عەباسی کیارۆستەمی) دا، ئێمە پەیوەندییەکی باشمان هەبوو، لە ساڵی ١٩٩٨ کە لە فیلمی (با لەگەڵ خۆیدا دەمانبا) من لەو کارە زۆربەی دیکۆرەکانی کارەکانم کرد، لەسەر ئەنیمەیشنەکان زۆر بیری تازەو نوێ بوو بەلایەوە، سناریۆکە زۆرباش بوو، چەند تێبینییەکی زۆر باشی بوو کە قسەمان لە سەریکرد، کە هاتمەوە هەموو کاری رەنجم سڕییەوە و لەسەرەتاوە دەستمپێکرد، ئەمجارە بەدڵم بوو، لەچەند فێستیڤاڵێکی زۆر باشدا بەشدار بوو، وەکو هیرۆشیما و ئۆپسالا، کە رۆیشتم ئەویش لەگەڵ ئونیماتوری پرۆفیشناڵی ئەویشدا کارە کانمان دی و ئەوانیش بیرورای خۆیان وت، بابەتێکی زۆر باش کە هەموویان بە لایانەوە باش بوو، بیری ئەنیمیشنی کارەکان بوو.

*** تائێستا چەندکاری (ئەنیمەیشن)ت لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا بەشداریکردووەو ئەو خەڵاتانە چین کە پێت بەخشراوون؟**

– تا ئێستا ٥ کارم تەواو کردووە کە لە ٦٠ فێستیڤاڵدا بەشدار بوون و چەند خەڵاتێکیشیان وەرگرتوو .

*** ئەو بیرۆکانەی کە تائێستا کارت لەسەر کردوون چەندیان بیرۆکەکەی کوردییە؟**

– بەڵێ بیرۆکەکان کوردین، بەڵام هەوڵمداوە ناوەرۆکێکی جیهانی بن، نەک هەرخۆمان لێی حاڵی ببین، لە ئیسپانیا زۆر حەزیان لە ماڵپەڕی www.awn.com کە یەکێکە لە شەریکەکانی هولیودو وردە کارەکانیان لە ئیسپانیا بینیبوو، من پێشتر وامدە زانی ئەمریکییەکان حەزیان لەم جۆرە کارانە نییە بەڵام ئەوان داوایان کرد کە بۆیان بنێرم و دوای بینینی کارەکان زۆریان حەزلێبوو، لەماڵپەڕەکەیان داناو رەخنەیەکیان لەسەر نووسی کەئێستاش لەماڵپەڕەکەیاندا هەیە، لە ٢٠٠٨ لە ماڵپەڕەکەدا بەکاری باشی ئەو ساڵدا دایان نا . ٩ کاریان هەڵبژارد کە کاری (دواین گورانی کچە دراوسیکەمان) یەکێک لەوانە بوو، نووسیشیان کە گوایە سەریان سووڕماوە کە کارێکی ئاوا لە ئێران بتوانرێت بکرێت.

*** جیاوازییەکانی نێوان فیلمی کارتۆن و ئەنیمەشن چییە؟**

– سێ ساڵە لەسەر سیناریۆی فیلمی درێژ کار دەکەم.کە دەبێتە یەکەم فیلمی درێژی ئەنیمەیشنی کوردی، بەڵام بەداخەوە هیچ پشتگیرییەکی لەلای حکومەتەوە نەکرا، زۆربەیان ئەنیمیشن هەر بەتام و جری دەزانن، هەندێکیشیان هەر نازانن ئەنیمیشن چیە، بەڵام نەوەستاوم ئەو کارە هەر دەکرێت.

*** نوێترین پرۆژەت چیی بوو؟**

– لەسەرەتای مانگی ١٠ی ئەمساڵدا بەشداریمکرد لە فێستیڤاڵێک کە لە ئۆکراین ساز کرا بوو، فێستیڤاڵێکی زۆر تایبەتە، لەکەشتییەکی گەورەدا بەڕێوەچوو، سینەماکەش هەر لەکەشتییەکەدا بوو، زۆر زۆر باش بوو، لەوێ (ئەلکساندر پتروف)دەرهێنەری فیلمی (پیرەمێردو زەریا)م بینی، ١٥ رۆژ لەگەڵ باشترین ئەنیماتورەکانی دنیا پێکەوە بووین، هەروەها پەیوەندی زۆرمان درووستکرد.

